# میقاتی خەڵك ودانیشتوانی شاری مەككە

[ كردي – كوردی – kurdish ]

دەستەی بەشی زمانی كوردی لە ماڵپەڕی ئیسلام هاوس

پێداچونەوەی :پشتیوان سابیر عەزیز

2011 - 1432

IslamHouse.com

# ﴿ ميقات أهل مكة ﴾

« باللغة الكردية »

فريق قسم اللغة الكردية بموقع دار الإسلام

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

2011 - 1432

IslamHouse.com

# میقاتی خەڵك ودانیشتوانی شاری مەككە

**پرسیار :** میقاتی خەڵك ودانیشتوانی شاری مەككە  بۆ حەج و عومرە كردن كوێیە ؟

**وەڵام :** میقاتی حەجكردن بۆ خەڵكی مەككە ودانشتوانی ئەو شارە ماڵەكانی خۆیانە ودەتوانن لەماڵەكانی خۆیانەوە نییەتی حەج بهێنین وئیحرام بپۆشنن بۆحەجكردن، بەڵام بۆ عومرەكردن دەبێت لە سنووری حەرەمی مەككە بچێتە دەرەوە ولەو جێگایە ئیحرام ببەستێت كە بە زمانی عەرەبی پێی دەوترێت (الحِل) ئەویش بەبەڵگەی ئەو ڕیوایەتەی كە كاتێك عائیشەی دایكی باوەڕداران (خوای لێ ڕازی بێت) ئیلحاح وپێداگری كرد وداوای لەپێغەمبەری خوا كرد (صلی الله علیه وسلم) كە عومرەیەكی تەنها بكات پاش ئەوەی حەجێكی (قارن)ی كرد بوو لەگەڵ خۆیدا، ئەویش فەرمانی كرد بە عبدالرحمن ی برای عائیشە كە بیبات بۆ ( تەنعیم) بۆ ئەوەی لەو جێگایەوە نییەتی ئیحرام بهێنیت بۆ عومرەكردن، (تەنعیم) یش

نزيك ترين جێگايە كە لەسنورى حەرەم دەربچيت و بگەيتە (الحِل) جا ئەگەر بهاتايە نييەتى ئيحرام وئيحرام بەستن بۆ عومرەكردن لەناومەككە يان لەهەرجێگايەكى حەرەمى مەككە بوايە ودروست بوايە پێغەمبەرى خودا (صلى الله عليه وسلم) لەسەر شانى خۆى وعائيشەى دايكى ڕوادرانى عبدالرحمن يشى قورس نەدەكرد وفەرمانى پىَ نەدەكردن كە بچنەوە بۆ (تەنعيم) بۆ ئەوەى لەوێوە عائيشە ئيحرام ببەستێت، ئەمە لەكاتێكدا بوو كاتەكەى شەو بوو ئەوانيش لەسەر سەفەربوون كە بگەڕێنەوە بۆ مەدينە و زۆر پێويستيان بەوە هەبوو كە ئەو ماوەيە چاوەڕێيان نەكەن وهەر لەو جێگايەيەى كە خۆيانى لىَ بوو كە پێى دەوترێت ( البطحاء) مۆڵەتى دەدا ئيحرام ببەستێت چونكە ئاشكرايە شەريعەتى ئيسلام شەريعەتى ئاسانكارى وهەڵگرتنى كۆڵى قورسە لەسەر خەڵكى، وە پێغەمبەرى خودايش (صلى الله عليه وسلم) هەركاتێك سەرپشك كرابێت لەنێوان دوو كار و دووئيشدا هەميشە ئاسانەكەيانى هەڵبژاردووە ئەگەر تاوان وگوناهـ نەبوو بێت، جا

ئەگەر ڕێگا پێدراو بوایە پێغەمبەری خودا (صلى الله عليه وسلم) ڕێگای دەدا بە عائیشە (خوای لێ ڕازی بێت) هەر لە ناو شاری مەککە و ناو حەرەمەوە نییەتی ئیحرامی بهێنایە ...

خوای گەورە لەهەمووان زاناترە ..